گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/xe3h2049

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 08/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09/11/2025
ڕێکەوتی بلاوکردنەوە: 20/03/2026

# کەسایەتی لە حەیرانەکانی 'مستەفا کۆر خۆشاوی' [1]دا

**ارام محمد عبدالله[1]** **مهدی أحمد محمود[2]**

mahdi.ahmed@uor.edu.krd - aram.muhammad36@yahoo.com

[1] ئامادەیی دوارۆژی کوڕان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] ئامادەیی ژاراوە، پەروەردەی پشدەر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی 'کەسایەتی لە حەیرانەکانی مستەفا کۆر خۆشاوی'[2] دا، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی کەسایەتییەکان لە حەیرانەکانی خۆشاویدا و تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان کەسایەتیی و حەیرانەکانی لە حەیرانبێژی ناوبراو، لە چەمکی کەسایەتی و ڕۆڵی ئەو کەسانە دەکۆڵێتەوە، کە لە نێو دوتوێی حەیرانەکانیدا دەرکەوتون. توێژینەوەکە باس لە گرنگی پەیوەندی نێوان حەیران و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ناو حەیرانەکانی مستەفا خۆشاوی دەکات، چونکە هەموویان لەژێر چەتری ئەدەبی کوردی کۆبونەتەوە. حەیران، بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی پێکهێنەری فۆلکلۆری کوردی دادەنرێت. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی- شیکاری پەیڕەوکراوە. کەواتە دوای شیکردنەوەی دەقی حەیرانەکان بۆمان دەرکەوێت، کە حەیران تەنها هونەرێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ گەیاندنی هەست و بیرۆکە. کەسایەتییەکانی ناو حەیرانەکانی مستەفا کۆر خۆشاوی ڕاستەقینەن وگواستراوەی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگە دەردەکەون، کە ئامانجیان گەیاندنی دەربڕین و پەیامی کۆمەڵایەتییە ئەمەش بەڕونی دەرکەوتوە.

**کلیلە وشەکان:** حەیرانی کوردی، کەسایەتی، ناوەڕۆکی حەیرانەکان، مستەفا کۆر خۆشاوی.

# Personality in Kurdish Hayran with the Hayran Examples of Mustafa Kor Khoshawi

Aram Mohammed Abdullah[1] - Mehdi Ahmed Mahmood[2]

[1]Dawrozi Boys High School, Erbil Central Education Directorate, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Zharawa High School, Pshdar Education, The General Directorate of Education in Raparin, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research which is titled (Personality in Kurdish Hayran with the Hayran Examples of Mustafa Kor Khoshawi) is an attempt for analyzing personalities in Khoshawi's hayrans and it sheds light on the relation between personality and hayran in Kurdish literature. It investigates personality aspect and the roles of those people that have been shown in the contents of those hayrans. The research gives importance to the relation between hayran and other fields of Kurdish literature like story and novel because they all have been gathered under the umbrella of Kurdish literature. Hayran can be regarded as the main column of constituting Kurdish folklore. The main goal of the research illustrates that hayran is not an ordinary conversation but rather it is a special literary structure that relates to personality, place and time. The method of analytical descriptive has been applied in this research. The result of this research has manifested that hayran and personality are the two faces of one coin and hayran cannot be separated from personality because the contents of hayrans are developed through personalities and they gain literary significance for themselves. After analyzing the texts of hayrans, we come to the conclusion that hayran is not only a literary art but rather a social instrument to deliver emotion and idea. The personalities in hayran have shown as semi facts of society which their aim consists of conveying expression and social message. this has been clearly shown in the hayrans of Mustafa Kor Khoshawi. In the end, the conclusion and abstract of the research have been demonstrated in English language and also the list of sources.

**Key words:** Kurdish Hayran, Personality, Contents of Hayrans, Mustafa Kor Khoshawi

## 1-پێشەکی

توێژینەوە لەفۆلکلۆری کوردی و بەتایبەتی حەیران بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەو توێژینەوانەی، کە پێشـــتر لەســـەر حەیران کراون تەنها بریتی بون، لە کۆکردنەوە و بەچاپ گەیاندنی دەقی حەیرانەکانی حەیرانبێژێك، کە لەزاری خۆیانەوە ڕاســـتەوخۆ وەرگیراوە یان بەشـــێوەی تۆمارکراو'ڕیکۆردکراو' نوسراوەتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردن بەکورتەیەك لەژیانی حەیرانبێژەکە، بێگومان کارێکی ئاســـان نییە، لێهاتویی خۆی دەوێت، ئەو توێژەرانەی، کە توێژینەوەیان لەبواری حەیراندا ئەنجامداوە لەپەنجەی دەســـتی تێپەڕناکەن و تەنانەت هەندێکیشـــیان دوبارەکردنەوەی بۆچونەکانن، بەڕای ئێمە هەردو جۆرەکەی پێشو کە 'کۆکردنەوە و توێژینەوە 'یە کاری زۆر باشن، چونکە سودی ئەوەیە کە بەشێکی زۆری دەقی حەیرانەکان لە فەوتان پارێزراون.

حەیران، وەك دەقێکی فۆلکلۆری کوردی تایبەت نییە بە شـــوێنێکی دیاریکراو، بۆیە لەڕوی ســـەرهەڵدانەوە بیروڕای جیاواز هەیە، و لەڕوی ناوەرۆکەوە بابەتەکانی زۆر دەوڵەمەندن، بەگشـــتی حەیران ئەو فەزا خەیاڵییەیە، کە پڕیەتی لە بۆنی عەشـــق و خۆشـــەویســـتی پاکوبێگەردی نێوان کوڕ و کچ، لە ئەگەری بەیەکترشـــادبونەوە و گەیشـــتن بەمەرامی خۆیان خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەیە گوتنەکانی حەیران خۆیان لە چەندین خەو و خەیاڵ دەنوێنن، هەندێکی هاتونەتە جێ و هەندێکیشی نامرادانە سەریان ناوەتەوە.

ئامانجی ســـەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە حەیران تەنها گفتوگۆیەکی ســـادە نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی ئەدەبی تایبەتە، کە پەیوەندی بە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە هەیە، ئەم توێژینەوە پێکهاتوە لەسێ بەش، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناســـاندنی چەمکی حەیران و جوگرافیا و جۆرەکانی حەیران، لەبەشی دوەمدا باســـمان لە کەســـایەتی و پۆلێنکردنی کردوە لەبوارەکانی دیکەی ئەدەبیدا بەتایبەتی ســـودمان لەچیرۆك و ڕۆمان وەرگرتوە. پاشـــان لە بەشی ســـێیەمدا بەشـــێوەیەکی پراکتیکی دەســـتنیشـــانی جۆرەکانی کەســـایەتمان کردوە، و چۆن ڕەنگیان داوەتەوە لەناو دەقی حەیرانەکاندا، هەروەها هەوڵمان داوە دراوە کەسایەتی ی ببەستینەوە بە شـوێن و زمان کە ئاماژەکراوە بەدیالۆگی نێوان کەسێتییەکان، ئەمانە خۆیان لەقاڵبی تەکنیکەکانی حەیران دەدۆزنەوە.

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

حەیران، کە یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکانی فۆلکلۆری کوردی، زۆربەی توێژینەوەکانی پێشو تەنها لە کۆکردنەوە و پێناســـاندنی دەقی حەیران خۆیان تەرخانکردوە بەبێ ئەوەی شـــیکردنەوەیەکی قوڵیان بۆ ڕۆڵی کەســـێتی و کاریگەرییە ئەدەبییەکانی ئەم جۆرە هونەرە ئەنجامبدان. ئەم بۆشـایی لە بواری توێژینەوەدا بوەتە هۆی ئەوەی، کە نارونییەکی زۆر هەبێت لەسـەر پەیوەندی نێوان کەسایەتی و پێکهاتەی ئەدەبی حەیران، ڕەخنەگرانی ئەم بوارە بیروڕای جیاوازیان هەیە لەســـەر ئەوەی ئایا حەیران تەنیا جۆرێکی گفتوگۆی ســـادەیە یان پێکهاتەیەکی ئەدەبی تەواوە، کە خاوەن تایبەتمەندی هونەری و کلتوری تایبەتی بە خۆیەتی. لەم چوارچێوەیەدا، کێشـــەی ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی کەســـایەتییە لە حەیرانەکانی 'خۆشـــاوی'، کە یەکێکە حەیرانبێژەکان. ئەم کێشـــەیە دەبێتە هۆی ئەوەی،کە نەتوانین لەڕوانگەیەکی زانســـتییەوە تێبگەین، کە چۆن کەسـایەتییەکان لە ناو حەیراندا ڕۆڵ دەبینن و چ پەیوەندییان، بە زمان و شـــوێن و کلتوری کوردییەوە هەیە، ئەمەش ڕێگری لە تێگەیشـــتنی تەواو لە بەها هونەری و ئەدەبییەکانی حەیران دەکات.

### ٢-١ ڕێبازی توێژینەوە:

ڕێبازی پەیرەوکراو لە توێژینەوەکەماندا 'وەسفی شیکاری'یە.

**١-٣ سنوری توێژینەوە:**

سـنوری توێژینەوەکەمان تەنها لە چوارچێوەی دەقی حەیرانە نوسراوەکانی مسـتەفا کۆر خۆشـاوی دایە، کە ژمارەیان ٦٠ حەیرانە.

**١-٤ ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر شیکردنەوەی ڕۆڵی کەسایەتی لە حەیرانەکانی 'مستەفا کۆر خۆشاوی'دا، بە ئامانجی ناسـاندنی حەیران وەک جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی، کە تێیدا کەسـێتییەکان ڕۆڵێکی سـەرەکییان هەیە لە دروستکردنی پێکهاتەی هونەریدا هەیە. دیاریکردنی پەیوەندی نێوان کەسێتی و پێکهاتەی ئەدەبی حەیران بەشێوەیەکی زانستی و ڕەخنەیی خاڵێکی دیکەی ئامانجی توێژینەوەکەمانە، پاشان شیکردنەوەی تایبەتمەندییە کەسێتییەکان لە ناو حەیرانەکاندا و پەیوەندییان بە زمان و شوێن و کلتوری کوردییەوە.

**١-٥ گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت: یەکەم پڕکردنەوەی کەلێنێکی زانسـتی لە بواری لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆری کوردی و دابینکردنی بنەمایەکی تیۆری بۆ پۆلێن کردنی کەسـایەتی لە حەیرانەکانی خۆشـاویدا، کەبەکاری هێناون، و پەیوەندییان لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری گێرانەوە لەگەڵ توخمەکانی تری ئەدەبی،کە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ توێژەرانی داهاتو.

**٢- چەمك و جوگرافیا و جۆرەکانی حەیران**

**٢-١چەمك و پێناسەی حەیران:**

سروشتی کوردستان کاریگەری بەسەر تاکی کوردەوە هەیە، تێکەڵاو بون لەگەڵ سروشت مێژویەکی دورو درێژی هەیە، بۆیە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسـەر هزرو خەیاڵ و بەشـێك لە یادگەی مرۆڤ داگیردەکات، لەبەر ئەوە هەر ناوچەیەك جۆرە فۆلکۆرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کاتێکیش ناوی دەشـتی هەولێر و دەوروبەری دێت ڕاسـتەوخۆ بیرمان بۆ کانگای حەیران دەچێت.

حەیران مێژویەکی دورودرێژی هەیە، تا ئەمڕۆ نەتوانراوە مێژوی سـەرهەڵدانی دیاری بکرێت، بۆیە توێژەرانی بواری حەیران بەتێگەیشـتنی خۆیان لەبابەتەکەیان کۆڵیوەتەوە، بۆیە بەپێویسـتی دەزانین لە هەوڵە سـەرەتاییەکانەوە دەسـت پێ بکەین کە ئاماژەیان پێ کردوە، بۆ نمونە: غەفور مەخموری دەڵێت: 'حەیران وەك دانەیەکی فەرهەنگی مانای- سەرسوڕمان و سەرگەردان و بەلاگێڕ-دەگەیەنێت، جگە لەوەش واتای جۆرە مەقامێکی کوردی دەبەخشێت، کە لەسـەر مەقامی بەیات دەگوترێت' 'مەخموری ٢٠٠١: ٢١'، یان بەجۆرێکی دیکە ناسـێندراوە کە ئەویش 'حەیران وەك تەرزێك لەستران یاخود گۆرانی، ڕوبەرێکی گەورە و بەرفراوانی لەبەرهەمی زارەکی میللی دا گرتوە، توانیویەتی دەربڕی زمانی سەردەمی خۆی بێت، ئەدگارو ڕوخسار و سیمای گوزەرانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە قۆناغێکی مێژویی لەخۆگرتو پاراستویەتی' 'حەیران: ٢٠٠١: ٥٠'.

لەلایێکی دیکە بەم شـێوەیە پێناسـەی حەیران کراوە: 'جۆرە مەقامێك و ئاوازێکی تایبەتە، ئاوازی شـمشـاڵی شوانەکانی دەشت و دۆڵ و شاخەکانی کوردستانە، ئەو دەنگە زوڵاڵەی ڕەسەنی کوردە، ئەو پەخشانە ڕازاوەی سەروبن گرێدراوەیە، ئەو دەنگەی، کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە جیهانی بەرفراوان و ڕەسـەنی نەتەوەی کورد و بەئاسـمانی کوردستان باڵەفڕکێ دەکات' 'عەدۆ: بێ ساڵی چاپ: ٥٠'.

ئەنسـكلۆپيدياى هەولێر- فۆلكلۆر بەم شـێوەيە چەمكی حەيرانی ناسـاندوە كە 'حەيران لەبنەڕەتدا كوڕ بەكچدا هەڵدەڵێت، بەپێچەوانەی لاوك، كە لەبنەڕەتدا كچ بەكوڕدا هەردەڵێت، هەرچەندە لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژگار لاوكبێژ و حەيرانبێژ، لەهەردو لاپەيدابوە، واتە كچ و كوڕ و ژن و پياو ئێســتا هەڵكەوتوی هەردو هونەرن' 'لیژنەی باڵای ئامادەكار: ٢٠٠٩: ٣٨٦٦'، و هەمان ســەرچاوە دەڵێ: 'ئەو جۆرە هونەرە میللیە ڕەســەنەيە، لەگەڵ پێكهاتنی كۆمەڵگای كوردەواريدا سـەريهەڵداوە، ديرۆك و سـەرجەلەی حەيران زۆركۆنە ڕەنگە بەشی هەرە زۆری دەقە زۆر كۆن و لەمێژيينەكانی فەوتابن و نەكەوتبێتە بەردەست' 'لیژنەی باڵای ئامادەكار:٢٠٠٩: ٣٨٣٨ '. نوسەرێكی تر بەم شێوەيە ناســاندنی بۆ حەيران كردوە و دەڵێ: 'حەيران جۆرێكە لەمەقامی ڕەســەنی كوردی و لەســەر پەيژەی مەقامی 'بەيات' دەگوترێت' 'سـنجاوی: ٢٠١٠: ٩ '، نوسـەرێكی تر زياتر ڕۆدەچێتە ناو ناسـاندنەكە و پێی وايە كە: 'حەيران بەپارچە پەخشـانە شـيعر دەناسرێت و پاكی و هەسـتی خۆشـەويسـتی ناخی مرۆڤ دەردەخات و لەسـەربنەمايەكی هونەری پێكهاتەی بنياتی حەيران دامەزراوەو هاوارێكە بۆ گەيشـتن بە خۆزگە و ئاوات، لەناو مێشـكی مرۆڤ چەكەرەی كردوە چاوەڕوانی كردنە بە گەيشتن بۆ خۆشی، نائومێديشی لەكۆتايی ڕەچاودەكرێت' 'قەنديل: ٢٠١٢: ١٢'.

**٢-٢ جوگرافيای حەيران:**

توێژەرانی بواری حەيران لەسـەر دەسـت نيشـانكردنی شـوێنی سـەرهەڵدانی حەيران ناكۆكيان هەيە، هەندێك لە نوسەران زێدی لەدايكبونی حەيران دەگەڕێننەوە بۆ دەشـتی هەولێر، ئينجا بەناوچەكانی ديكەدا بڵاوبۆتەوە، بەڵگەشـمان ئەوەيە، كە' لە ناوچەی دزەييان حەيران زۆر باوە و خەڵكەكە زۆريان پێخۆشـــە، لەناوچەی كرمانجی ســـەرو لاوك و لەدەشتی دزەييانيش حەيران جێگەيەكی تايبەتيان هەيە لەدڵ و دەرون و سۆزی خەڵكی ئەوناوچانە' 'دزەيی: ١٩٨٤: ٥١ '، بەڵام نوسـەرێكی ديكە دەڵێت: 'هەرچەندە ئەم گۆرانييە تايبەتە بەناوچەی دەشـتی هەولێر بەتايبەت ناوچەی دزەيی، بەڵام لەبەرتام و چێژی بەلەزەتی توانيويەتی ئەو سـنورە تەسـكە ببەزێنێت و بگاتە ناوچەی خۆشـناوەتی، هەروەها بناری هەيبەسـولتان، ئينجا ســەر لوتكەی قەنديل، بەڵكو خۆی گەياندۆتە ناوچەی موكريان، لە دەورپشــتی حەوزی بۆكان خولی خواردۆتەوە لەوێوە بەرەو خاكی حاجی ئۆمەران گەڕاوەتەوە و دەنگی زوڵاڵی بردۆتە نێو ئەشكەوت و گوێچكەی ئەو خانمانەی سـەركانی و كانياوی زينوێ و دەربەندی ڕايات، لەوێشـەوە لەسـەر لوتكە بەرزەكەی هەندرێن و زۆزگ و بەرەو دارەشـەكرانێ و ناوچەی بەرانەتی و شـەمامك گەڕاوەتەوە كانگاو باوەشی قەراج و بێژنگ بەسـەرو پەرو باڵی گڤكردۆتەوە' 'عەدۆ: بێ ساڵ چاپ: ٥١-٥٢'، بۆيە لەكاتی تێڕامان و وردبونەوە لە دەقی حەيرانەكان ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە (دەشێت سـنوری بڵاوبونەوەی وەكو سـەر زەمين وەكو كۆمەڵ دياريبكرێت، لەدەشـتی هەولێر: قەراج، كەندێناوە، شـەمامكەوە دەستپێبكرێت بەرەو شاری هەولێر بەرەو بەستی شـەرغەو بەستۆڕە، بەرەو شـەقڵاوە و ڕانيە و قەڵادزێ، بەرەو سۆران و چۆمان و برادۆسـت، بەرەو قەنديل و سـپيرێز بەرەو سـەردەشـت و خانە و شـنۆ، بەرەو موكريان ياخود بەپێچەوانەوە لە موكريانەوە بەرەو دەشتی هەولێر، ئەم سنورە پانتاييەكی فراوانی زەوی ئەگرێتەوە، كە پڕە لە چياو گرد و كانی و سەرچاوە، لەدەقی حەيرانەكاندا ئەوەندە ناويان هاتوە هەندێ جار بەسـەر بيرۆكەی حەيرانەكاندا زاڵبوە، هەروەها پانتاييەكی فروانی ژيانی دەيان خێڵی گەورە و بچوكی گرتۆتەوە لەوانە: مامەش، مەنگوڕ، پيران، بڵباس، ئاكۆ، زەرزا، گەورك، ســوێســـنی، گەردی، دزەيی، زراری، خۆشـناو، سـورچی، هەركی، كە جاران بەزسـتانان نيشـتەجێ و بە بەهاران و هاوينان و پايزان كۆچەر بون، لەو ناوچەيەدا گەرمێن و كوێسـتانيان كردوە، ناوچەی عەشـيرەتەكان و هەندێ لە گەورەكانيان و جوانە ناودارەكانيان و تايبەتمەندييەكان باسـكراوە' 'ئەمين: ٢٠١٥: ٢٨'، ئەگەر لەڕوی ميوزيكی كورديشـەوە سـەيری بكەين ئەوا 'ميلۆديەكی بێ كێشی ڕەسەنی تايبەت بەدەشتی هەولێرەو هەندێك شێوەی لاواندنەوە بەيەك حەيرانبێژ واتە بەيەك

فۆلۆ دەوترێت' 'ســەگرمە:٢٠١٣: ٢٢'، بۆیە دەگەینە ئەو ڕایە کە حەیران لەناو کوردەواری هەڵقوڵاوە و موڵکی هەمو شوێنێکی کوردە و ناکرێت لە پێگەیەکی جوگرافی قەتیس بکرێت.

**٢-٣ جۆرەکانی حەیران:**

جۆرەکانی حەیران دابەش دەبن بۆ دو جۆر ئەوانیش: 'یەکەم ســەرچیایی و ناوچەی تیرەو هۆزی خۆشــناوەتی، کە شــەقلاوە و هیران و هەریر و ســەلاحەدین دەگرێتەوە. دوەم پشــدەری ناوچەی کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ دەگرێتەوە. ســێیەم حەیرانی دەشــتی هەولێر کەتایبەتە بەتیرە و هۆزی گەردی' 'خۆشــناو:١٩٨٠: ٨١'، بۆچونێکی تر بەم شــێوەیە حەیران دابەشدەکات:

'١- حەیرانی نەونەمامان: ئەم حەیرانە هی تازەپێگەیشتوانە تەڕو و پاراو بەئاوازێکی پڕلەسۆز، لە خۆشی، ناخۆشی، شایی و دیلاندا دەگوترێن، دەشـــێت لە چۆڵەوانی حەیرانبێژ پڕبەزار بچریکێنێت، بەڵکو نەواو ئاهوخوڕپە و هەســـتی دەرونی یارەکەی بەئاگابهێنێت، گەلێك جار وشـــەی نامۆ و نەشـــیاو تێکەڵ بەدەقەکە دەکەن گەورەی دڵتەڕی لەخۆگەڕاوەش دەیڵێن.

٢. حەیرانی لەخۆگەڕاوان: ئەم جۆرەیان هی جوامێرو پیاوماقوڵانە، حەیرانی بەوەج بە جەمن، ئاوازەکەی لەســـەرخۆ دەوترێت، دەڤەری خۆیان پێ هەراســـان ناکەن لەهی نەونەمامان بەپێزترن، خۆبە دەقەکانەوە بەند دەکەن' 'ســنجاوی: ٢٠١٠: ١٩ '.

ئەم دو بۆچونە یەکەمیان جەخت لەسەر شوێنی جوگرافی دەکاتەوە و دوەمیشان دابەشیدەکات لەسەر کەسی حەیرانبێژ، بۆ ســەردەمی خۆی ڕاســتبوە ناتوانین بڵێن هەڵەیە، بەڵام دەتوانین ڕەخنەی لێبگرین، چونکە خۆی لەبناغەدا شـــێوازەکانی حەیران بەپێی چۆنیەتی ئەداکردن و گوتنیان دەگۆڕێت و ناکرێت حەیران ببەســـتینەوە بە ناوچەیەك یان تەرخانی بکەین بەجۆرێکی حەیران، چونکە حەیران پابەند نییە بەسـنوری سروشـتی و دەسـتکردو نەبەتەمەنی حەیرانبێژ، بەڵکو پابەندە بەجۆری ئەداکردن و گوتنەکە، ئەگەر حەیرانبێژ لەفەزای دەرەوە بێت ئەوا پڕ بەگەروی خۆی هاواردەکات و بەهۆی حەیرانەوە کارێگەری خۆی بەسروشتی کوردستان دەردەبڕێت، بەڵام ئەگەر دانیشتنەکە لەمەجلیسێك بو ئەوا ئەداکردنەکەی لەچوارچێوەی ئامادەبوان تێپەڕناکات هەر بۆیە پێی دەوترێت حەیرانی ســـەرچیایی و مەجلیســـ، بەڵام لەڕوی ناوەرۆکەوە حەیران چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش " کۆمەڵایەتی، دڵداری، سیاسی، ئاینی، ئابوری، مێژویی،...هتد تەنانەت لەبارودۆخی ئەمڕۆماندا حەیران دروستبوە باس لە تەکنۆلۆژیا دەکات چۆن بۆتە بەشێکی سەرەکی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە، جگە لەمانە ئێستا جۆرێکی دیکەش سەریهەڵداوە پێیدەگوترێت حەیرانی غەریبی ئەمەش لەڕوی ناوەرۆك و ئەداکردنی دەقی حەیرانەکە لەلایەن حەیرانبێژەوە جیاوازە،بۆیە ئەمانە دەچنە کایەیەکی دیکەوە و لەباسەکەی ئێمەنین.

**٣ - پۆلێنکردنی جۆرەکانی کەسایەتی لەنێو حەیرانەکانی 'خۆشاوی'دا**

**١-٣ کەسایەتی چییە؟**

کەســـایەتی یەکێکە لەبنەما ســـەرەکییەکانی گێڕانەوە، لە ژانرەکانی چیرۆك و ڕۆماندا، ئەویش بەشـــێکی ســـەرەکی پێکهێنەرە لەپاڵ پێکهێنەرەکانی دیکەی وەك: وەســـف، کات، شـــوێن و دیالۆگ ڕۆڵ یان هەیە لەپێکهاتنی دەقی ئەدەبی، لەبەر ئەوە تا ئێســتا ســنوری جیاکەرەوەی تەواو لە نێوان کەســێتی و کارەکتەر دانەنراوە، بەڵام پێگە و کایەیان جیاوازە، لەهەمان کاتدا تێکەڵاویان هەیە، هاوکات ئەکتەرو کارەکتەریش جیاوازن [٣]، بۆیە کەســـایەتی ئاوا پێناســـەکراوە کە 'توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە بونیادنانی ڕۆماندا دەگێڕێت و بەهۆیەوە ڕوداوەکان هەڵکشان و داکشان

بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشدا بەهەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە کارلەیەك دەکەن و ڕۆمان دروستدەکەن' 'مولود: ٢٠١٣: ٣'، یان بەم جۆرە پێناسەکراوە 'توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە و لەوکاتەوە، کە ئەم ژانرە سەریهەڵداوە، هەتا ئەمڕۆ باسدەکرێت و کۆتایی نەهاتوە، بەڵام بەگوێرەی قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕۆمان و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان چەمکەکەی گۆڕاوە و لەگۆشەنیگا و دیدی جیاوازەوە خراوەتەڕو' 'ئەڵوەنی: ٢٠٠٩:١٢ '، بۆیە کەسایەتی ڕوداوەکان پشت بەکەسایەتییەکان دەبەستێت، چونکە ئەنجامدەری کارەکانە 'گرنگی بونی کەسایەتی لەناو دەقی ڕۆماندا دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕەگەز و پێکهاتەکانی دیکەی ڕۆمان ببەستێتەوەو بەرەو پێشەوەیان بەبات' 'خدر:٢٠١٢: ٩٩'.

کەسایەتی ناو ڕۆمان 'بەرجەستەکردنی کەسایەتی مرۆییە، بەهەمو ڕەهەندە ڕواڵەتی، ڕەوشتی، هزری و دەرونییەکانەوە، بەڵام ڕۆماننوس نایەت وێنەی فۆتۆگرافی ئەو کەسانە بەرجەستە بکات، بەڵکو لایەن و بایەخدانی بەکەسێتی مرۆڤ لەبەرهەمەکەیدا پشتگوێ دەخات و بایەخ بەو لایەنەی کەسایەتی مرۆڤ دەدات، کە گرنگن و هەوڵدەدات بەشێوەیەکی هونەری بەرجەستەی بکات و کەسایەتییەکی وای لەبەرهەمەکەیدا پێ بخوڵقێنێت، کە خاوەن ڕەهاو هزری هونەری تەواوبێت' 'عەبدوڵا: ٢٠١٥:٥-٦'، یان بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین: 'کەسایەتی یەکێکە لەتوخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان و پەیوەندییان بەژیان و ڕەفتارو بیرکردنەوەی ئەوانەوە هەیە، وەسفکردنیان پرۆسەیەکی زۆرگرنگی بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنێت' 'ئەڵوەنی: ٢٠١١: ١٠٢'.

هەبونی کەسایەتی لەسەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان وەك: چیرۆك، ڕۆمان، دراما و تەنانەت حەیران و...هتد زۆر گرنگە، چونکە لە گواستنەوەی ڕوداوەکان و گەیاندنی پەیامەکان ڕۆڵی سەرەکی هەیە و شان بەشانی هونەرەکانی دیکە کاردەکات 'لەناو چیرۆکدا کەسایەتی هەمان ڕۆڵی توخمی تری هەیە، چونکە تەواوکەری یەکترین و هیچ جۆرە چیرۆکێك بێ کەسایەتی نابێت، بەڵکو دەبێت کەسێك هەبێت ڕۆڵی دیاریکراوی هەبێت بۆئەوەی ڕوداو و بەسەرهاتەکان لەسەر دەستی ئەوەوە ڕوبدەن' 'عەبدوڵا:٢٠٢٣ ١٦٤'، کەواتە کەسایەتی یەکێکە لەو جەمسەرانەی کە خۆی دەبینێتەوە لە گوتاری گێڕانەوە و لەهەمان کاتدا بەبڕبڕەی پشت دادەنرێت، کەجەختی لەسەردەکاتەوە. بونیادی کەسایەتی کارەکتەر دەگەڕێتەوە بۆخودی نوسەری بابەتەکە 'دەتوانین بڵێین بینای کەسەکان لەلایەن نوسەرانەوە، کە هەمیشە مایەی بایەخپێدان و گرنگی بوە نەك لەڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دی، بەڵکو تەنانەت لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی دیکەش جیاوازی تێکەوتوە' 'سابیر:٢٠٠١: ٤١'.

کەسایەتی ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و لەکۆنەوە دەربارەی ئەم چەمکە لێکدانەوەی جیاواز هەبوە لەوانە ئەفلاتون ڕاستەوخۆ باس لە کەسایەتی ناکات، بەڵام لەڕوانگەی ڕوانینی خۆی بۆ شیعر دەتوانین ئاماژە بەناڕاستەخۆی کەسایەتی دەکات، ئەوەتا دەڵێت: 'هونەر، هەروەها شیعر بەتایبەتی کاریگەری خراپی لەسەر شاعیرو سروشتی مرۆڤایەتی هەیە، ئەویش لەڕێگای ئەو نمونە خراپانەی، کە پێشکەشی دەکەن، شاعیر کەسایەتی خۆی لەناو کەسایەتییەکانی تر ون دەکات، بێگومان شتێکی خراپ لە شەڕانگێزی بەدەست دێنێت، کاتێك دەتوانێت بەزمانی شەڕنگێزان بەباشترین شێواز گوزارشت لە هەڵویستەکانیان بکات' 'المنیاوی: ٢٠١٠: ١٧١'، هەرچەندە ئەفلاتون لەم بیروڕایەی پەشیماندەبێتەوە، کە هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەداتە دەست ئەنجومەنێك ئەوان بتوانن حوکم لەسەر باشەو خراپی بەرهەکە بدەن، بەڵام وەکو بیروڕا دەتوانین پشتی پێ ببەستین.

ئەرستۆ گرنگی بەکەسایەتی دەدات و بەیەکێك لەو شەش توخمەی دادەنێت، کە دەبێت لە دروستکردنی دەقی ئەدەبیدا هەبێت، ئەوانیش 'چنین، کەسایەتی، دارشتن، هزر، دیمەن و گۆرانی' یە کە پێکهێنەری سەرەکی تراژیدیان،

سەرەڕای ئەوەی، کە خاوەنی گەورترین تیۆری لاسایکردنەوەیە، بۆیە دەڵێت: 'تراژیدیا بۆئەوە پێشکەش ناکرێت لاسایی کەســـایەتی بکاتەوە، بەڵکو کەســـایەتی لەپێناوی کردەوەدا بەگەڕدەخرێت، بەمجۆرە مەبەســـت لە تراژیدیا ئامانجێکە خۆی لەپێناو چنین و ڕوداودا دەدۆزێتەوە و گرنگترین لایەنی هەرشتێکیش ئامانجەکەیەتی' 'گەردی: ٢٠١٢: ٢٩'.

ڕۆلان بارت پێی وایە کە 'کەســـایەتی بونێکی ســـادەی ســـەرکاغەزە و بونێکی فیزیکی نییە، چونکە ناوبراو پێیوایە کەســـایەتی چەمکێکی ئەندێشـــەییەو دەقەکە دروســـتیدەکات، ئەویش لەڕێگای ئەو وشـــە و دەربڕینانەی، کە ڕومانەکە گوزارشـــت لەبونی دەکەن، هەرکە دەقەکانی کۆتاییان هات، کەســـایەتی نەك بونی نامێنێت، بەڵکو واتاشی نامێنێت' 'عومەر،٥،٢٠١٥'. لەڕوی دەرونیدا کەسایەتی ڕەنگدانەوەی کەسێتی نوسەرە، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەبێت ئەوا بەناڕاستەخۆ دیارە، هەمان دیاردەش لەنێو حەیراندا هەیە کەســێتییەکان کاریگەری حەیران بێژیان لەســـەرە تەنانەت، وەك ســێبەر وایە، بۆخوڵقاندنی کەســـایەتی 'زۆرجار چیرۆکنوس پەنا دەباتەبەر دەفتەری یادەوەری و تێبینییەکانی تیدا تۆماردەکات، یاخود واز لەو تێبینییانە دێنێت بۆئەوەی لەخەیاڵدا جێگیربن' 'عەبدوڵا: ٢٠٠٠: ٨'.

## ٣-٢ پۆلێنکردنی کەسایەتی

لەلای توێژەران بەم شێوە دابەشکراوە:

(١- لەڕوانگەی ئەرکەوە 'سەرەکی و لاوەکی'

٢-لەڕوانگەی جۆرەوە 'پەرستێن و پەرەنەستێن' 'عەبدوڵا: ٢٠٢٣: ١٦٧'.

**٣-٢-١ لەڕوانگەی ئەرکەوە:** دابەشدەکرێت بۆ دو جۆر ئەوانیش:

### ٣-٢-١-١ کەسایەتی سەرەکی:

زۆرجار 'شاکەس' ی پێدەڵێن، 'ئەو کەسەیە، کە زۆربەی ڕوداوەسەرەکییەکان ئەنجامدەدات و گەشەیان پێدەکات، بەم پێیە شاکەس ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەتەقێنێتەوە و لەزنجیرەی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا وەك تاڵە دەزویەك وایە' 'عەبدوڵا: ٢٠٠٠: ١٠' لەڕوی ئامادەگییەوە 'ئەم جۆرە کەسایەتییە کە لە سەرەتای چیرۆکەکە تاکۆتایی ڕوداوەکان ئامادەیی هەیە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەڕوداوەکاندا و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر خوێنەر' 'عەبدوڵا:٢٠٢٣: ١٦٨-١٦٩'، لەڕوی ئەرکەوە لەناو هەردەقێکی ئەدەبیدا بێت گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕیت، چونکە 'کاریگەر دەبێت لەســـەر ڕوداوەکاندا بەهەمان شـــێوەش کاریگەری ڕوداوەکانیشی_ دەکەوێتە ســـەر، خۆیشی_ ملکەچی ڕوداوەکان دەبێت و کاری تێدەکەن بەهۆی ئەو کارتێکردنەوە لەڕوی هزری و دەرونییەوە بەرەوپێش دەچێت و گەشـــەدەکات' 'نوری: ٢٠١٦: ١٣٣-١٣٤''، جگە لەو بابەتانەی کە ڕونکرانەوە دەتوانین بڵێین 'ناوەنـدێك پێكدەهێنێت و کاردەکاتە ســـەر ڕوی ڕوداوەکان و هەڵسوکەوتەکانی کاردەکاتە سەر ژیانی کەسایەتییەکانی دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەوپێش دەچن و قەیرانەکانی ژیانی ئەو لەژیانی کەسایەتییە لاوەکییەکاندا ڕەنگدەداتەوە و تەنانەت هەندێك جار شێوەی چارەنوسی ئەوان دادەڕێژێت' 'ئەڵوەنی: ٢٠٠٩: ٤٢'، بۆیە ڕۆڵی ســـەرەکی دەبینێت لەنێو دەق ئەدەبی، 'چونکە بەئاســـانی لەهەرکارێکدا بکەرێکی ســـەرەکییەو خاوەن ویســـت و ئیرادەی خۆیەتی 'ئەم جۆرە کەســـایەتییە بە کەســـێتی ئاڵۆز و تێکەڵ و نادیار دادەنرێت، کە توانای باوەڕ پێهێنانی هەیە و هاوکات ڕۆڵی یەکلایکەرەوە دەبینێت لەبواری گێڕانەوەدا، بەردەوام سەرچاوەی گرنگی پێدانە و ڕوداوەکانی ڕۆمان لەسەر دەستی ئەو ڕودەدەن و ناتواندرێت پشتگوێ بخرێت' 'مهاجری و مرار:٢٠١٤ :٥١'.

### ٣-٢-١-٢ کەسایەتی ناسەرەکی:

کەسایەتی ناسەرەکی زۆرجار زاراوەی 'لاوەکی' یان 'ناوەندی' بۆ بەکاردێت، لەڕوی ئەرك و پێکهاتنەوە جیاوازە، چونکە 'هۆکاری لاوەکی ئەمجۆرە کەسایەتییە، کە لەنێو ڕۆماندا بۆ کەمی ڕێژەی بەشداركردنیان لەناو ڕوداوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی ڕوبەرێکی کەم لەناو ڕوداوەکاندا داگیردەکات' 'عومەر: ٢٠١٥: ٣٠ '، یاخود 'لەپاڵ کەسایەتی سەرەکی ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەناو چیرۆکدا، هەندێکجار بۆ پاڵپشتی کردنی کەسایەتی سەرەکی دەبێت و هەندێکجاریش تەواو پێچەوانەی کەسایەتی سەرەکییە' 'عەبدولڵا: ٢٠٢٣: ١٧٠'، و ڕۆلیان هەیە لە دروستکردن و بونیادنانی ڕوداوەکان و ئەرکی دیاریکراوی خۆی لەسەرشانە 'کەسایەتییە لاوەکییەکان هەوڵدەدەن وێنەی سیمای کەسایەتی سەرەکی بکێشن و چۆنییەتی بیرکردنەوە و باری دەرونی و جۆری پەیوەندییان، لەگەڵ یەکترو دەوروبەردا ڕونبکەنەوە، ئەمەش گرو تینێکی بەجۆش و خرۆش بەکەسایەتی سەرەکی دەبەخشێت و دەیخاتە بارێکی جیاوازتر لەباری پێشوی' 'نوری: ٢٠١٦: ١٣٨-١٣٩'.

بۆناسینی ئەم جۆرە کەسایەتیە زو دەستنیشان دەکرێن، و 'شێوەیەکی سادەیان هەیە و خاوەن کەسایەتییەکی ڕوکەش و ئاشکران و تاڕادەیەکیش بەئامادەکراوی، وەکو خۆیان وەردەگیرێن ئەو کەسانەش نەگۆڕن و لەسەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکەوە چ خاسیەتێکیان هەبێت تا تەواوبونی چیرۆکەکە هەمان خاسیەتیان دەبێت' 'سابیر: ٢٠٠١: ١٨١'، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێکجار یان تەواوکەری شاکەسە یان بیروڕایان تەواو لەیەکتری جیاوازە.

### ٣-٢-٢ کەسایەتی لەڕوی جۆرەوە:

دەکرێت بە دو جۆر، ئەوانیش

### ٣-٢-٢-١ کەسایەتی پەرەستێن:

ئەم جۆرە کەسایەتییە وەکو کەسایەتییەکانی دیکە خاوەنی پلەوپایەی خۆیەتی و هەڵوێست و کاردانەوەو ئەرکی خۆی هەیە لەبواری ژانرەکاندا، لەکاتێکدا ڕۆڵی دەبێت و 'بەرە بەرە ئاشکرادەبن و لەگەڵ ئەو ڕوداوانەدا دەبێت، تاکو بەتەواوی پێکهاتەی کەسایەتی خۆی دەسەلمێنێت لەلایەن خوێنەر' 'خدر: ٢٠١٢: ١٠٢ '، کەواتە 'ئەمجۆرە کەسایەتییە لەناو چیرۆکدا لەسنوری دیاریکراودا نامێنێتەوەو لەگەڵ گۆڕانی ناو چیرۆکەکە ئەویش پەیتا پەیتا دەگۆڕێت و پەرە دەستێنێت' 'عەبدولڵا: ٢٠٢٣: ١٧٢'، بۆیە ئەمجۆرە کەسایەتییە بەردەوام لەگەشەکردندایە، چەند ڕوداو بەرەوپێش بچێت ئەوەندە ئەویش گەشەدەکات، 'چیرۆکنوس و ڕۆماننوسیش بەشێوەیەکی قایلەکەری هونەری پێشکەش دەکات هیچ سیفەتێکی ناداتەپاڵ ئەگەر هەڵوێستی ئەو زەمینەی بۆ نەسازێنێت'' ئەڵوەنی: ٢٠٠٩: ٧٣ '.

### ٣-٢-٢-٢ کەسایەتی پەرەنەستێن:

زۆرجار 'سادە' شی پێ دەڵێن، بەوە جیادەکرێتەوە، کە پلەو پایەی نەگۆڕە، بەپێی گۆرانکاری ئاو هەوای ناو دەقە ئەدەبییەکە گۆرانکاری بەسەر دا نایەت، بەڵکو چەسپاوە و خاوەنی یەك جۆرە هەست و سۆزە 'لەچوارچێوەی یەك بیر یان یەك سیفەت دەسورێتەوە، هەروەها بە ئاراستەی جۆرێکی پێشکەوتو دەست پێدەکات، ئەگەر هاتو یەك سەرچاوەی هەبو، کەسایەتی سادەش دەکرێت بەیەك ڕستە گوزارشتی لێبکرێت' 'نوری: ٢٠١٦: ١٤٦'، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بلێین 'ئەو جۆرە کەسایەتییە هەتا تەواوبونی ڕوداوەکانی ناو چیرۆکەکە لەسەر یەك هێڵ دەڕوات و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت' 'عەبدولڵا: ٢٠٢٣: ١٧٤ 'ئەم جۆرە کەسایەتیانە لەناو کۆمەڵگەدا نمونەیان دیارو ئاشکرایە، چونکە سیفەتی سادەوساکاریان هەیە 'ئەم کەسایەتییە بەسادەو ڕوکەشانە زۆربەی جار نمونەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەن و سادەیی ئەو کەسایەتییە بێبەهایی تاك بەرامبەر بەسروشت و کۆمەڵگە دەردەخات 'عەبدولڵا:٢٠٠٠: ١٦'.

ئەمانە لەڕوی ئەرك و دابەشبونی کەسایەتی ناو ڕوداوەکانی چیرۆك و ڕۆمان و ژانرەکانی دیکەبون، هاوکات نابێت لایەنی دەرونیش فەرامۆش بکرێت کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی لەسەر کەسایەتی کارەکتەرەکە، ئەمەش زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە قاڵبی خورپەوشتی، هەروەها زۆرجار فشاری دەرونی کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵچونی کەسەکە و ڕەنگدانەوەی پەیدادەبێت، دەتوانین جۆری ئەم کەسێتیانە شیبکەینەوە بۆ کەسێتی دەرون ئارام و شەڕانگێز یاخود ئەرێنی و نەرێنی بۆیە 'کەسایەتییەکان لەڕێگەی لێکدانەوەی هەر کەسایەتییەك بەهەڵسوکەوت و کاریگەری هەر ڕوداوێك لەناخیدا، نوسەر هەوڵدەدات لایەنە شاراوەکانی ناوەوەی دەرونی کەسایەتییەکان دەربهێنێت' 'هلال: بێ ساڵی چاپ، ٥٥٤'. سەرەڕای ئەمەش شیکاری کەسایەتی بەشێوەی دیالۆگ ڕۆڵێ سەرەکی دەبێت لەسەر حوکمدان لەسەر کەسایەتییەکە. کەواتە لەبواری حەیراندا دەتوانین بلێین 'کچ حەز لە کوڕ دەکات، کوڕێك حەز لەکچ دەکات، ژنی بەمێرد حەز لەپیاوێکی تر دەکات، پیاوێکی چڵێس چاو دەبڕێتەوە ژنی بەمێردی پیاوێکی تر، شۆڤاریێ کە دوزمانی دەکات و ئەبێتە باعیسی. دودڵان، قاسیدێك پەیامی خۆشەویستی یا کات و شوێنی ژوانی دڵدار و دڵخواز بەیەك ئەگەیەنێت، دەسەڵاتدارێك پەنای بۆدەبرێت مەسڵەتەکە بکات' 'ئەمین:٢٠١٥ :٢٨-٢٩'.

**٤- کەسایەتی لە حەیرانەکانی 'مستەفا کۆر خۆشاوی' دا**

کەسایەتی لەحەیرانی کوردیدا بە تایبەتی لە حەیرانەکانی مستەفا کۆر خۆشاویدا، وەک یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی حەیران دەردەکەوێت، کە تێیدا حەیرانبێژ بە شێوەیەکی هونەرییانە و دڵسۆزانە سەرنجی خوێنەر بەرەو کەسایەتی مرۆڤی کورد و تایبەتمەندییەکانی ڕادەکێشێت. خۆشاوی لەحەیرانەکانیدا کەسایەتی تاکی کورد وەک: کەسایەتییەکی ئازا، بەرگریکار، دڵسۆز و خۆشەویست نیشاندەدات. لە ڕوانگەی حەیرانبێژەوە نەک تەنها هەڵگری نایابی و جوانی جەستەیی و ڕۆحییە، بەڵکو ڕەمزێکە بۆ نەتەوەیەکی تەواو، کە بە درێژایی مێژو لە دژی زۆرکردن و نامەردیدا بەرگری لە ناسنامەکەی کردوە. خۆشاوی بە زمانێکی سادە بەڵام پڕ لە هەست و سۆز، کەسایەتی کورد وەک نمونەیەکی تەواو لە مرۆڤایەتی نیشاندەدات کە شایانی ڕێز و پێزانینە.

بەشێوەیەکی گشتی بۆمان ڕونبوەتەوە، کە حەیران بریتییە لە گفتوگۆ نێوان دوکەناڵ یان زیاتر لە خۆی لە قاڵبی وەسفدا دەدۆزێتەوە، جۆری وەسفەکە قارەمانییەتی، دڵداری...هتد ئەم دوکەناڵەش یەکێکیان حەیرانبێژە دەبێتە پەیامنێر و ئەوی تریان گوێگرە بەهۆی دەقی حەیرانەکەش ڕوداوەکانی ناوەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە لەم بەینەدا چێژێکی خۆش و بەتام دەگەیەنێتە بەرامبەر و سودی دەرونی دەبێت، ژمارەی ئەو حەیرانانەی کە کۆکراوەتەوە تا ساڵی ١٩٨٧ دەگاتە ٦٠ حەیران لەژێر ناوی دیوانی حەیران بێژان، کە ئەحمەد حەیران لەهەمان ساڵ بەچاپی گەیاندوە، دوای سەیرکردنی دەقی حەیرانەکان پێمان باش بو بەچەند خاڵێك دابەشیبکەین، چونکە کەسایەتی ناو دەقەکان تاڕادەیەك نزیکی هەیە لەنێوان کەسایەتی ناو دەقی چیرۆك و ڕۆمان، جگە لەمانەش خاوەنی خەسڵەتی دیاری خۆیەتی، دوای خوێندنەوەمان بۆ دەقەکان سەیردەکەین کەسێتییەکان پێکهاتون لە کوڕ و کچ، کە هەردەم لەسەر زاری حەیرانبێژە، کە کوڕەکە ڕۆڵی سەرەکی بینیوەو بەسەر جوانی و لێهاتویی کچەکە هەڵدەڵێت و هەندێکجاریش کچ نارەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە کوڕەکە تا بێت و لەم ژیانە پڕ نەهامەتیە ڕزگاری بکات و بەیەکتری شادبن، لەبەر ئەوە بڕبڕەی پشتی حەیران لەسەر بناغەی دیالۆگ دروستدەبێت، لەسەرەتادا کوڕەکە سەرسامی خۆی بۆ جوانی و قەدوباڵای کچەکە دەردەبڕێت و هەندێکجاریش لە کۆپلەی دوەم یان سێیەم کچەتیمە حەیران وەڵامی دەداتەوە، لەمیانی ئەو وەڵام دانەوەیە باسی نەهامەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بۆ دەکات، کە چۆن لەلایەن باوك و براکانی دەچەوسێندرێتەوەو لەبەرامبەریش کوڕەکە هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆیە ئامادەی خۆبەختکردن دەبێت تا بگەن بە

مەرامی دڵی خۆیان، لەبەر ئەوەیە هەستەکەین کەسایەتیەکان ڕۆڵی خولانەوەدان و ئەرکەکانیان لەم تەوەرە تێپەڕناکات، بەگۆڕانی جۆری حەیرانەکان ڕۆڵی کەسێتییەکانی ناوی دەگۆڕێت. ئەو حەیرانانەی، کە ئێمە لەم سەرچاوەیە بەردەستمان کەوتوە بەشی زۆری دەربارەی دڵدارییە و بەشێکی تریش تێکەڵکردنی دڵداری و جوگرافیای شوێن و شێوەزار و دیالۆگە، پێمان باشە ئەم تەوەرانە بخەینە بەرچاوی خوێنەر:

### ١-٤ جۆری کەسایەتییەکان:

ئەو کەسایەتیانەی ئەم حەیرانبێژە لەنێو دەق حەیرانەکانیدا ئاماژەی پێکردونە بەشی زۆری لەواقیعدا هەیە و بەرجەستەن، ئەوانیش 'کوڕە حەیران' و 'کچە حەیران'، چونکە زیاتر دیالۆگەکان لەنێوان ئەم دو کەسانەیە، لەم دەقە حەیرانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە کەسایەتییەکان بەچ شێوەیەك حەیرانبێژ ڕیزیکردون کە دەڵێت:

**ئەرێ براینە ئەمن دەرێم ناچمە شەمامکێ خەت لێدرایە**
**دەچمە دەشتەکەی کاولە قەراجی**
**ئەوسارەکە بەوێ بوارێ مارێژگەت وێران بی**
**دەرێن: وەری تێگەڕایە**
**ئەمن سوئال دەکەم لەبرادەرەکی بەبەقا و وەتمان**
**دەرێم مارە بابێ ناسکێ لەکێی هەردایە؟ 'حەیران: ١٩٨٧: ٣٩'.**

ئەگەر لەم دەقە حەیرانەی سەرەوە وردبینەوە دەبینین کەسایەتییەکان لەمانە پێکهاتون: حەیرانبێژ لەسەر زاری کوڕەکە - شاکەش، برادەری بەبەقا: کەسێتی لاوەکییە، ناسکێ: شاکەسە، واتە لێرەدا دوجۆرە شاکەس هەیە ئەوانیش مەبەستی حەیرانبێژە، ڕۆڵی کەسە لاوەکییەکەش ئەوەیە، کە تەنها دەستنیشانی شوێنی ماڵی خۆشەویستەکەی بۆ بکات، شاکەسەکە لەجۆری پەرەستێنە، چونکە شوێنی ماڵی یار گۆڕاوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە بەردەوام لە گۆڕانکاری بوە دەربارەی ماڵی یارەکەی، کەسایەتییەکانی تریش ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن. لەدەقێکی دیکەدا دەڵێت:

**براینە چەندی گاسم دەکرد نەمدەگۆ کاولە گوندێ مە**
**لەمن بەزورگ و تەلانە**
**دەرمانی دەردان شەو ڕاموسانە**
**باز و سەقەر لێیان کردینە هێلانە 'حەیران: ١٩٨٧: ٣٩'.**

لەم دەقەدا شاکەسەکە هەر حەیرانبێژەکەیە و وشەی'براینە' واتە 'ئەی برایانی من' دەبێتە کەسایەتی لاوەکی، یاخود لەم دەقەی دیکەدا دەڵێت:

**دیسان دەمگۆ حەیران لەدێمەکاری**
**ڕۆینێ کیژۆران چەندە لەمجێزە**
**شۆڕدەبونەوە لەزارکێ حوسێن غازی**
**ڕەت دەبون لەشۆ وەردی کاولە مەخموری**
**دادەبەزین لە گۆمی سێ قولینچك**
**ئەرێ براینە چەندە شیرینە لەگۆمێ معێچلە و کاولە مشاری 'حەیران: ١٩٨٧: ١٦'.**

دوبارە لێرەدا ئاماژە بە کیژۆران دەدات مەبەستی ئەو کچە گەنجانەن تەمەنیان لە هەرەتی لاویتی دایە و 'ئەم وشەیە لە هەولێر و دەوروبەری بەکاردێت '، ڕۆیشتنیان سەرنجی حەیرانبێژی ڕاکێشاوە، بەڕۆیشتنیان سنورەکەی زۆر

درێژکردۆتەوە، لەبەر ئەوە خۆشــویســتنی خاکەکەو شــوێنە جوگرافییەکە دەبەســتێتەوە بە ڕۆیشــتنی ناســکی ئەو هەرزەکارانە، دواتر ڕو لە گشت خەڵك دەکات و بەوشەی'براینە' واتە بەشێوەی 'کۆ' پرسیاری ئەوەیان لێدەکات بۆچی ئەو ناوچەیە ئاوا شــیرینە؟ بێگومان هەرزەکاران و براکۆمەڵەکە دەبنە کەســایەتی لاوەکی و حەیران بێژ کەســایەتی سەرەکییە و بەردەوام دەبێت و ئەمجارە دەڵێت:

**براینە چەندم گاز دەکرد ئەورۆ بەویٚ ئێواریٚ**

**دەرئیم کابانی لە دیار مەنجەریٚ**

**بەژنت دەشوبهێنم بەرەشە ڕێحانی سارا**

**بواران شین دەبن لەدەو کۆدەریٚ 'حەیران، ١٩٨٧، ٣٣'.**

لەو دەقەدا وەسفی کەسایەتییەکان زۆر بەجوانی دەکات ئەویش بە ڕستەی 'کابان لەدیار مەنجەریٚ' مەبەستی ئەوەیە کارو و پیشەی ئافرەت دیارە چێشت لێنان بوە، ئەم چێشت لێنەرە سەری لە حەیرانبێژ شێواندوە و تەنانەت چواندویەتی بە 'ڕەشە ڕێحانەی سارا' کەبەوە ناسراوە بۆنی زۆر خۆشە، ئافرەتەکە لێرەدا ڕۆڵی کەسایەتی سەرەکی هەیەو دوبارە دەبێتە کارەکتەرێکی پەرەنەستێن، چونکە پیشەی نەگۆڕە، و حەیرانبێژ زۆر کاریگەری ئافرەتی لەسەر بوە بۆیە لە دەقێکی تر دەڵێت:

**ئەمن دەخەناوکەیێ گەردەن زەرد**

**هەتا لەدری عاشقان**

**پەرت بیٚ ئاخە لەگەر کەسەریٚ 'حەیران: ١٩٨٧: ٣٣'.**

لێرەدا ڕاستەوخۆ ناوی کەسایەتی سەرەکی لەدەقەکە نابات، بەڵکو ئاماژە بە گەردەن زەرد دەکات، کە مەبەستی ئافرەتە، ئەم وشــەیە ئەوپەڕی ســـەرســـامی و جوانی ئافرەت بەدیار دەخات بۆیە لەبەشی زۆری حەیرانەکان ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر بەوردی لەدەقی حەیرانەکان وردبینەوە دەبینین حەیرانبێژ هەوڵیداوە پەیوەندی زۆر بەتین پەیدابکات، لەگەڵ وەســف، جا ئەم وەســفە هی جوگرافیای شــوێنەکە بێت، یاخود جوانی ئافرەتەکە، یان جۆری کارەســات و بەســەرهاتەکە بێت، لەبەر ئەوە لەشــیکردنەوەی وەســفدا دەڵێین: پەیوەندییەکی بەهێزی گێڕانەوەی هەیە، ئەگەرچی هەندێك ڕەخنەگر لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە بیروڕای جیاوازیان هەیە، بۆنمونە هەندێك ڕەخنەگر بڕوایان وایە، کە گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی ڕوداوەکان پێشکەشدەکات و پەرەسەندن و گۆڕانی هەڵوێست و ڕەفتاری کەسایەتییەکان لەزەمەنە جیاوازەکاندا پیشــاندەدات، کەچی وەســف دیمەنی شــت و کەســایەتی و شــوێنەکان لەزەمەنێکی وەســتاودا پێشکەشدەکات' 'ئەڵوەنی: ٢٠١١: ٩٩'.

وەسـف لە حەیراندا بەتەواوکەری کەسـایەتی دادەنرێت و بناغەی سـەرەکی حەیرانە، حەیرانبێژ وەسـفێکی زۆر وردی شوێنەکەمان بۆ دەکات و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە ناوەرۆکی حەیرانەکەی، ئەمەش نیشانەی خۆشویستنیەتی بۆ زێدی باب و باپیرانی خۆی، بەشارەزاییەکی ورد وەسفەکەمان پیٚ دەڵێت، بۆیە ئەگەر توێژەری بواری حەیران کەسێك نەبێت، کە لەناوچەی دەشتی کەندێناوە و قەراج و مەخمور شارەزا نەبێت ئەستەمە لەجوانی دەقی حەیرانەکە تێبگات، چونکە پێگەی شــوێنەکانی بۆ هەرس ناکرێت ئەمەش لەڕێگای وەســفەوە پیشــاندراوە، بەمەش ئیســتاتیکای حەیران بەدیاردەکەوێت.

حەیرانبێژ هەوڵیداوە کەسایەتی و وەسف و شوێن بەیەکەوە تێکهەڵکێش بکات و پیرۆزی بۆ دەقەکە بەنەمری جێبهێڵێت، چونکە بەمە دەرونی حەیرانبێژ ئاسودە دەبێت، بۆیە دەڵێت:

**خۆزگە بەخۆزی داران خەرجەستین بام**

**بواران لەکۆچ و کۆچبارێ کورە دزەییان**

**وەکی ئاوا دەبن لەزار کەرکێ حوسێنێ غازی 'حەیران: ١٩٨٧: ٣٣'.**

ئەو شــوێنانەی حەیرانبێژ وەســفیکردون بەئاســانی بەرجەســتە دەبن، کە شــوێنی ناسراون، بێجگە لەمەش بۆپاڵپشــتیکردنی کەســـایەتییەکانی ناودەقەکە زۆرجار زاراوەی: 'زاڵم باب، گەردەن زەرد، پەنجە بەخەنە... هتد' بەکارهێناوە، لێرەدا ئەم نمونەی بۆ دێنینەوە و دەڵێت:

**وەکی ئاوا دەبن لەزار کەرکی حوسێن غازی**

**لەپەنجە بەخەنان 'حەیران: ١٩٨٧: ٣٣'.**

لەوانەیە لەزاراوەی پەنجە بەخەنان مەبەســتی مەراســیمە کۆمەڵایەتییەکە بێت، کە ئافرەتان چەند ڕۆژێك بەرلەگواستنەوە مەراسیمی خەندبەندان دەکەن و دەستی بوك لەخەنە دەگرن، ئەویش وەك گیرابونی نزای شوکردن تۆزێك، لە خەنەکە لەدەستی دەستەخوشکەکانی دەدات، یاخود لەم دەقەی دیکە ئاماژە کردنە بە بێویژدانی یارەکەی لەرێی بەکارهێنانی زاراوەی 'زاڵم باب'، ئەوەتا دەڵێت:

**زاڵم باب ئەتوچ مەکە مێردان**

**نەخۆ جواب بگاتە ناسك و نازدارێ 'حەیران، ١٩٨٧،٣٩'.**

یاخود دەڵێت: **ئەرێ زاڵم باب**

**دەبینە بینە ڕاموسم خارێ گەردەنێ**

**بترازێم دەرزیێ بەر چیرێ 'حەیران، ١٩٨٧،٢٢'**

دەقی حەیرانەکان ئەگەر بەوردی سەیربکەین دەبینین کەسایەتییەکان دیارن و ئاشکران و پێداهەڵگوتنی کوڕە بەسەر کچ لەزاری حەیرانبێژەوە.

## ٤-٢ پەیوەندی نێوان شێوەزارو جوگرافیا لە دەقی حەیرانەکاندا:

زمان یەکێکە لەخاڵە ســـەرەکییەکانی شـــوناسی نەتەوە، بەکارهێنانی ئەم زمانە زیندوبونی نەتەوەکە دەگەیەنێت، زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکتری گەیشـــتن و گواســـتەوەی ئەو پەیامەیە، کە کەسی قســـەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت بە کەسی بەرامبەر، لەدەقی ئەم حەیرانانەدا زمانەکە پێکهاتوە لەشـێوەزاری ناوچەی دەشــتی هەولێرە بۆیە 'زمانی حەیران بەزۆری شێوەزاری دەشتی هەولێرە، کە یەکێکە لەشێوەزارەکانی کرمانجی خوارو، بەشێوەزارەکانی دیکەش وەکو خۆشناوەتی و باڵەکی و مهابادی...هتد هەیە' 'عەبدوڵا: ٢٠٢٣: ١٧٦'، کەواتە لەپاڵ ڕەسەنێتی حەیران سەرنج دەدەین وشـــە و زاراوەکانی دەقی حەیرانەکانیش هەڵقوڵاوی دەشـــتی هەولێر و دەوروبەریەتی، چەند وشـــەیەکی تێدا بەکارهێنراوە، کە ئاماژە بەم پێگە جوگرافیایە دەکات. بۆنمونە:

**لەبۆمن بینە قۆندەرەیەکی کەسك**

**گۆری و مەرجانێ**

**ئەرێ زاڵم باب، ئەمن سبیانان**

**کەشب چی وخەرجەستین بام 'حەیران: ١٩٨٧: ٢٥'.**

لێرەدا ئەگەر ســـەیری ئەم وشـــانە بکەین کەلەناو دەقی حەیرانەکە بەکارهاتوە کە دەڵێت: 'قۆندەرە، گۆری، سـبیانان' سـەیردەکەین ئەم وشـانە تەنها لە دەشـتی هەولێرو ناوشـاری هەولێر و دەوربەری بەکاردێن. یاخود لەنمونەی

پێشـودا دەڵێت 'خارێ گەردەنێ 'وشـەی 'خار' بەهەمان شـێوە ڕسـەنایەتی خۆی پاراسـتوە کەچی لەشـوێنی دیکە پێی دەڵێن خاڵ، یان لەم نمونەی دیکە دەڵێت:

**وەی بابە دەرێم ئەورۆ هێوارێ لەبینی پیرزین وکاولە بەحرکێ**

**کاکێ تو بەشترە هەنجیرە 'حەیران: ١٩٨٧: ٢٦'.**

لەم دەقەی پێشــودا ئەم وشــانە تایبەتن بەم شــێوەزارە 'دەرێم، ئەورۆ، هێوارێ، کاکۆ تو'، کەواتە ئەگەر دەق حەیرانەکە لەشــێوەزارە ســەرەکییەکەی خۆی لایدا ئەوا لەتام و چێژ گەیاندنەکەش لادەدات و خۆشــیبەخش نابێت، بۆیە لەڕوی زمانەوە دەقەکە ئاسانەو هەموکەسێك خوێندەوارو نەخوێندەوار تێیدەگات.

### ٣-٤ پەیوەندی نێوان کەسایەتی و شوێن لەناو حەیراندا

شــــوێن ئەو پارچە زەویەیە، کە مرۆڤ پێوەی پابەنـدە و لێی لەدایکبوە، ئەمـەش بە زێدی باب و باپیران دادەنرێت، چونکە پیرۆزە، هاوکات ڕەنگدانەوەی زمان و دەوڵەمەندی دەقی حەیرانەکانیش پەیوەندی ڕاســتەخۆیان بە شــوێنەوە هەیە لەبەر ئەوە ڕێژەیەکی گەلێك زۆر لە شــوێنەکان لەناو دەقی حەیرانەکان هەیە، ئەمە جگە لە ناســاندنی شـوێنەکە تەنانەت لەڕوی مێژوییەوە سـودی خۆی هەیە بۆ نەوەی ئێسـتا ڕوندەبێتەوە، کە سـنوری کوردسـتان تا چ مۆڵگەیەك بوە، لەگەڵ ئەمەشــدا ناوی هەندێك کەرەســتەو ئامێری کۆنی بردوە کە ئێســتا و لەچەرخی پێشــکەوتنی تەکنۆلۆژیایە زۆر ئەستەمە خەڵکی بیان ناسێت یان شێوازی بەکاربردنیان لەبیربێت، بۆیە سەرەڕای کێشانی نەخشەی جوگرافی پێگەکە لەلایەنی کلتوریەوەش حەیران سودی بە کۆمەڵگای کوردەواری گەیاندوە، لەبەر ئەوە 'شوێن فەزایەکی دیاریکراوە لەبیردانی چیرۆکنوسـدا، ئەو ماوە زەمەنیەی، کە نوسـەر بەرپێیکردوە کاریگەری هەیە لەسـەر یادەوەرییەکانی زۆربەی ئەو ڕوداوانەی لەو شــوێنانە ڕودەدەن نوســــەر دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو لەژیانی ڕۆژانەی 'عەبدولا،٢٠٢٣، ١٩٤' و ئەو شوێنانەی کە لەناو حەیرانەکاندا گوێبیستی دەبین هەموی شوێنی واقیعی وڕاستەقینەن، دورن لە شوێنی خەیاڵی دەستکرد، بۆنمونە دەڵێت:

**وەی بابە دەرێم ئەرۆ هێوارێ لەبینی پیرزین وکاولە بەحرکێ**

**لەکاکێ تۆو بەشتر هەنجیرە (حەیران: ١٩٨٧: ٢٦)**

لێرەدا ئاماژەی بەدو شوێن کردوە ئەویش (پیرزین و بەحرکە) یە کە دوشوێنی ڕاستەقینەن لە دەشتی بەڕانەتی، یاخود دەڵێت:

**چەندم گاز دەکرد ئەمن دەرێم**

**قەرەچوغ لەمن بەتۆزو تەمە (حەیران: ١٩٨٧: ٣١).**

لێرەدا ئاماژەی کردوە بە چیای قەرەچوغ کە شوێنێکی ڕاستەقینە وگشتییە، یان لەنمونەیەکی تردا دەڵێت:

**ئەمن نەمدەگۆ شەقراوە خۆشە لەبنەی پیرە سەفینێ(حەیران: ١٩٨٧: ٣٣).**

یان لە وەسفی قەڵاتی هەولێردا دەڵێت:

**نەمدەگۆ قەراتی پیرە هەولێرێ لەمن دێمە**

**ئەوسارەکە بەوێ دەرەبوارێ، حەیرانەکەم گێیانی گوارەدا**

**چاوەکەم دەرێم لە کەیوانی خەزێمە (حەیران: ١٩٨٧: ١٦).**

حەیرانبێژەکەمان هەر خۆی بەئەوەندە نەبەستۆتەوە بەڵکو ئاماژەی بەهەندێ شوێن کردوە کەلەپێگەی ئەودا نین، بەڵام جیاوازی لەنێوانیان ناکات و کردونیەتی بەڕوداوی حەیرانەکان بۆیە دەڵێت:

**ئیفرازۆك لەمن چەندە عاسێیە**

**لایەکی شاخەو ئەوی کەی زێیە**

**کیژەکانی قەپەك و مامخاران دەرێم:**

**لەدەو بەستۆرە و بەستۆرەی گۆرانان (حەیران: ١٩٨٧: ١٩).**

لێرەدا شوێنەکان دیارن، کە قەپەك و مام خار مەبەستی دو شوێنی دەشتی زرارەتین ناویان 'قەپەکیان' و'مامخاران' ە، هەروەها ئاماژەی بە بەستۆرەی گۆرانان کردوە.جگە لەمەش حەیرانبێژ ئاماژەی بە جەستەی ئافرەت کردوە کە مەبەستی ناوهێنانی یەکێکە لەئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ئەوەتا دەڵێت:

**لەمن ئەوبەر ئەوبەرە**

**سێوەکم هەردا ئەوسەر ئەوسەرە**

**چاوی ئەو زاڵم بابەی گەلەك ڕەشن دو برۆ لەسەرە (حەیران: ١٩٨٧: ٢٠)**

لێرەدا باسی چاو و برۆی کروە، لەبەر ئەوە هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەڵکو ئاماژەی بە ئەندامە شوێنی دیکە کردوە لەلەشی ئافرەت کە شاردراوەن، و دەڵێت:

**مارە بابێ حەیرانێ ڕەشماریان ڕەشە لێیان هەردایە**

**سەرسینگ و مەمکێ ناسکە بێریاتن ئەنگۆ شارەزانین**

**سێ ڕێز شەکر پارەی نەخشایە (حەیران: ١٩٨٧: ٢٠).**

یاخود دەڵێت:

**سینگ و مەمکێ خۆت لۆ دەکەمە دوکانێ حاجی مەحمودی لەقەراتی پیرە هەولێرێ**

**بەهەنجەتی پاکەت و شقارتەی دەستی تێ بگێرە (حەیران: ١٩٨٧: ٢٢).**

ئەم جارە بەپێچەوانەوە بزانین چۆن کچە حەیران سەیری کوڕە حەیرانی کردوە کە دەڵێت:

**کیژ دێگۆ: کوڕە حەیران**

**ئەتو قالبەك سمێرت لولدانیە**

**بەئارەقەیێ زەمەمکان**

**بەبۆنێ مەرحەم و خەناوکان 'حەیران، ٢٤،١٩٨٧'**

حەیرانبێژ سەرەڕای کەسایەتیەکان توانیویەتی سود لە زمان و شوێنیش وەربگرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی لەرێگای حەیرانەوە، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە گوتانە خۆیان دەدۆزنەوە لەقاڵبی دیالۆگ و هاوکات کاریگەریان هەیە.

## ٥- ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتن بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. حەیرانەکانی 'مستەفا کۆر خۆشاوی' لە گشتەوە بۆ تاك دەڕۆن، واتە سەرەتا بەوەسفی شوێنێك دەستپێدەکات بەشێوەیەکی گشتی و پاشان وردە وردە شۆڕدەبێتەوە بۆ بچوکترین بەش واتە بەرەو تاکێتی دەڕوات، تا دەگاتە گرێ و پاشان بە وردی چارەسەری گرێیەکە دەدۆزێتەوە کەواتە قاڵبی دارشتنی حەیرانەکانی زۆر بەوەستایی و زیرەکی

دروستکردون و گوتنەکانی بەڕێکی ئەنجامداوە.

٢. کەسایەتییەکانی دیارن، لەسەرەتا حەیرانبێژ ئاماژە بە کات یان بەحاڵەتی دەرونی خۆی دەکات وەك 'حەیران بەوێ سبیانێ...' یاخود 'وەی بابە دەردم گەلەك گرانە...' و کەسی بەرامبەریشی_ کەسی لاوەکییە، هەندێك جار دەبێتە عەوامی گوندی یان زوڵمی باوك و برایە یان دیواربەندەکانی کۆمەڵگەیە لەبەر ئەوە حەیرانبێژ گوتارێکی کورتمان پێشکەش دەکات، بەڵام بەنەفەسێکی درێژ کەبەشێوەیکی گشتی پیشاندانی سۆزو خۆشەویستی بەیەکەوە بەستنەوەیەتی بەیەکتری.

٣. دوای شیکردنەوەی دەقی حەیرانەکە بۆمان دەرکەوت، کە حەیران تەنها هونەرێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ گەیاندنی هەست و بیرۆکە. کەسایەتییەکانی ناو حەیران وەک نیمچە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە دەردەکەون، کە ئامانجیان گەیاندنی دەربڕین و پەیامی کۆمەڵایەتییە لە حەیرانەکانی 'مستەفا کۆر خۆشاوی' یشدا ئەمە بەڕونی دەرکەوتوە.

٤. ئەو کەسایەتیانەی حەیرانبێژ کە لەنێو حەیرانەکانیدا بەکاریهێناون کەسایەتی هاوسەنگن، بەڵام زیاتر جەختی لەسەر کەسایەتی سەرەکی کردوە، کە گوتاری حەیرانەکانی ئاڕاستەدەکات، جا ئەم کەسایەتی یە ئافرەت یان پیاو یان گەنج بێت، گرنگی کەمتری بە کەسایەتی لاوەکی داوە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویستویەتی کەسایەتی سەرەکی لەپاڵ 'وەسف و شوێن و شێوەزار' بەیەکەوە گرێیان بدات، وێنەیەکی هونەری چێژبەخش دروستبکات، ئەمەش خۆی لەزیندو کردنەوەی کلتوری حەیران دەبینێتەوە، بۆیە لەڕوانگەی هەردو کەسایەتییەوە حەیرانبێژ توانیویەتی چارەسەری کاتی و درێژخایەن بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەیە ڕۆلیان بە ئاشکرا دیارە.

٥. حەیرانبێژ چەشنی کامیرامان وێنەی سروشتی دەشتی قەراج،کەندێناوە، شەمامك، بەڕانەتی، خۆشناوەتی و زرارەتی وشەی جوان و کاریگەر بۆ کێشاوین، ئەمەش لێهاتویی حەیرانبێژ نیشاندەدات و شارەزابونیەتی لە پێگە جوگرافییەکان.

## سەرچاوەکان


ئەڵوەنی، نەجم، '2011' سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم،'2009' کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی 'ئێوارە پەروانە'ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا،'2015' بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین/چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی، دارالعربیە للعلوم، بیروت.

حەیران، ئەحمەد،'1987' دیوانی حەیران بێژان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد.

خدر، ڕێزان ڕەحمان، '2012' تێکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوللا سەراجدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

دزەیی، ئاواز محمدامین، '1984' فۆلکلۆری کوردی لە ناوچەی دزەییاندا، الأدیب، بەغداد.

سابیر، پەرێز، '2001' بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی، سەردەم، سلێمانی.

سنجاوی، جەمیل، '2010' حەیران و بۆچونێکی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

سەگرمە،ع.ج، '2012' لاپەڕەیەک لە بنەماکانی میوزیکی کوردی، ئەنستیوتی کەڵەپور، سلێمانی.

عەبدوڵا، ئارام محمد، '2023' بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا: بەنمونەی 'کۆی کورتە چیرۆکەکانم'ی عەبدوڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، هەولێر.

عەدۆ، ئەسعەد، 'بێ ساڵ' لاوک و حەیران لە هۆنراوەی میللی کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

قەندیل، ئەحمەد، '2012' بونیادی هونەری حەیران لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گەردی، عزیز، '2012' هونەری شیعر' ئەرستۆ' چاپی دوەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
لێژنەی باڵی ئامادەکار،'٢٠٠٩' ئەنسکلۆپیدیای هەولێر-فۆلکلۆر، چاپی یەکەم، گرین گالۆری، لوبنان.
مستەفا، ئیدریس عبدولا،'2014' ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی سێیەم، هەولێر.
مەخموری، غەفور، '2001' حەیران 'چەمک و سەرەهەڵدان'، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
حەیران، ئەحمد، '٢٠٠١' ′حەیران، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٣)، کۆتایی ساڵ، هەولێر.
خۆشناو، ڕزگار، '١٩٨٠' ′مەقامە تایبەتییەکانی کورد، ′گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨١)، حوزەیران – تەمموز.
عومەر، عەونی ئەمین،'2015' بونیادی کارەکتەر لە دو ڕۆمانی فەرهاد پیرباڵ' مولازم تەحسین و شتی تریش' و'هوتێل ئەوروپا' نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی پەروەردە، هەولێر.
عەبدوڵا، محمد أمین،'٢٠٠٠' شاکەس لەڕۆمانی کوردیدا لە کوردستانی عێراق (1997–1990) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زمان، هەولێر.
مەولود، جەوهر،'2013' بنیادی کارەکتەر لەڕۆمانەکانی حوسێن عارفدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زمان، هەولێر.
نوری، شوان محمد، '2016' بنیادی ڕوداو لە کورتەچیرۆکی کوردیدا بە نمونەی' کۆی کورتە چیرۆکەکانم' نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زمان، هەولێر.
المنیاوی، أحمد، '2010' جمهوریة أفلاطون، الطبعة الأولى، دار الکتب العربي، دمشق.
هلال، محمد غنیمی، 'بدون سنة طبع' النقد الأدبی الحدیث، دار الصورة العربیة، بیروت.
مهاجری، لیندة و صوریة، مرار،'٢٠١٤' البنیة السردیة' الزمن – المکان – الشخصیات' في روایة 'الأعظم' لإبراهیم سعدي، رسالة ماجستیر، جامعة بجایة، کلیة اللغات والآداب، الجزائر.

[١] ناوی تەاوی (مستەفا کۆر شێروانی یە و لەساڵی ١٩٣٩ لە گوندی (خۆشاو) لەبناری (چیای قرەچوغ) لەخێزانێکی جوتیاری هەژار چاوی بەدونیا هەڵهیناوە، لەتەمەنی لاوێتی دا بەهۆی ڕوداوێك چاوەکانی کوێر دەبێت، لە دنیای فراوان و دەشتە کاکی بەکاکییەکەی هەولێر بێ بەری دەبێت) (دزەیی: ١٩٨٧:١٥)، لەساڵی (٢٠١٥) کۆچی دوایی کردوە..

[٢] سەبارەت بەناوی حەیرانبێژ لەناوچەی هەولێر و دەوروبەری بە (مستەفا کۆر خۆشاوی) ناوبانگی هەیە، بەڵام لەبنەچەدا دەبێ نازناوی ببێتە (مستەفا کوێری خۆشاوی)، بەڵام ئێمە هەر بەشێوەی چۆن گۆ دەکرێت ئاوا توێژینەوەکەمان بەهەمان دەربڕین داناوە.. (توێژەران).

[٣] زاراوەکانی کەسایەتی (پاڵەوان و ئەکتەر و کارەکتەر) هەمویان دەچنە ژێر یەك قاڵبەوە، بەڵام پێگەی بەکارهێنانیان جیاوازە، بۆنمونە: پاڵەوان لە داستان و دەقە ئەفسانەییەکاندا بەکاردەهێنرێت چونکە هەندێ ڕوداوی فانتازی ئەنجام دەدات کە لەهێزو توانای مرۆڤی ئاسایی بەدەرە، ئەکتەر لەبواری نواندنی سەرشانۆ و دراما بەکاردێ، سەبارەت بە کارەکتەریش ئەوا لەبواری (چیرۆك و نۆڤلێت و ڕومان) بەکاردێت، هەرچەندە توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر (حەیران) ە بۆ بەرچاو ڕونی پەنامان بردۆتە بەر شیکردنەوەی کارەکتەر لەناو چیرۆك و ڕۆماندا..... (توێژەران)..